# ڕۆشنبیربوون و فیکر دژ بە دەسەڵات

پەیوەندیی ڕۆشنبیران و دەسەڵات یەکێکە لە ئاڵۆزترین بابەتەکانی مێژووی مۆدێرنە، ئەمەش نەک لەبەر ئەو هۆکارەی وەکو پێناسەی بۆکراوە ڕۆشنبیران بەردەوام ڕەخنەگری دەسەڵات بوونە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیران لە زۆر لایەنەوە ڕۆڵیان هەبووە لە درووستبوون و بەهێزبوونی دەسەڵاتە سیاسییەکان لە سەردەمی مۆدێرندا. لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆکارە بێت کە پەیوەندیی ڕۆشنبیران و دەسەڵات بەردەوام هاوڕێ بووە لە گەڵ ململانێ و نائومێدی دا. بەڵام دوورکەوتنەوەی ڕۆشنبیران لە دەسەڵات هاوکات بووەتە هۆکاری ڕاکێشانی ئەوان بەرەو دەسەڵات و لایەنگری لە جۆرێک لە ویستی هێز. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بۆ دوو نموونەی وەکو ئەفلاتوون و هایدگەر بکەین کە هەردووکیان لە ماوەی ژیانی فیکریی خۆیاندا تووشی کەمەندکێشبوون بەرەو دەسەڵات هاتوون.

بەڵام گەر بەسەر ئەم بابەتە گرنگەشدا تێپەڕین، ئاشکرایە کە لە پەیوەندیی ڕۆشنبیر بە دەسەڵاتەوە، هاوکات عەقڵانییەتێک لە ئارادایە کە کردار و بەرەنجامی ئەم پەیوەندییەیە. بە واتایەکی تر، هاوکێشەی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە چارەنووسی عەقڵی مودێرندا، چی لەڕووی تەکنیکییەوە و چی لە شێوەی ڕەخنەییدا، لێکدانەبڕاوە. لەم لایەنەوە، گۆڕانی ڕۆشنبیری و هاوکێشەکەی لە گەڵ دەسەڵاتدا، هاوڕێ بووە لە گەڵ درووستبوونی مێژوویی عەقڵی فەلسەفییدا. دەتوانین سوقرات بە یەکەمین نوێنەری ڕۆشنبیربوون و عەقڵی فەلسەفی بزانین. ئەو ڕستە بەناوبانگەی سوقرات کە دەڵێت: ژیانێك کە تاقینەکرابێتەوە ژیان نیە، یەکەمین ڕەنگدانەوەی گرنگی عەقڵی فەلسەفییە و دەرخەری یەکەمین جووڵەی ڕۆشنبیرییە لە مێژووی مرۆڤدا. لەڕاستیدا پرسیارەکەی سوقرات سەبارەت بە ژیان و گرنگیی تێڕوانینی ئەو بە واتای خستنەڕووی پرسیارێکی تر، لە چوارچیوەی بەرپرسیارێتیی هاوڵاتییەکی ڕۆشنبیر و هەروەها ڕەخنەی ئەوە لە دیاردەی دەسەڵات.

لێرەدا مەبەستی سوقرات ئاماژەکردن نییە بۆ ژیانی تاکەکەسی، بەڵکو زیاتر تێڕوانینێکی فەلسەفییە بە واتایەکی

کۆمەڵایەتی و سیاسیی ژیانی مرۆڤ. بەم شێوەیە، بەرپەرسیاریەتیی هاوڵاتیبوونی ڕۆشنبیر کە بە ڕەخنەکەی سوقرات لە دەسەڵات دەستپێدەکات و سەرەنجام مردنی ئەویشی لێدەکەویتەوە، بۆ جارێکی تر بە بەشداربوونی ڕۆشنبیران لە مەسەلەی دریفۆس و وتارە بەناوبانگەکەی ئەمیل زۆلا «من تاوانباری دەکەم» دووبارەدەبێتەوە و گیانێکی نوێی بەبەردا دەکرێت. لەڕاستیدا پێگەی ڕۆشنبیر/هاوڵاتی و ڕەخنەکانی لە دەسەڵات کە سوقرات ئەمەی لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین لە ئەسینا و لە چوارچیوەی چەند پرسیارێکی فەلسەفی دەردەبڕی لەگەڵ بابەتی دریفۆس و ئازایەتییە ئەخلاقییەکەی کەسانێکی وەکو زۆلا ڕەهەندێکی گشتی و ماهیەتێکی گەردوونی لەخۆدەگریت.

هەرچەندە ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ لە سەدەی هەژدەیەمدا و چەند سەدەیەکیش پیش ئەوان سوقرات لە ئەسینای کۆن چالاکیی ڕۆشنبیریی لە سەر بنەمای ئامادەبوونێکی بەردەوامی فەیلەسووفیان لە کایەی گشتییدا چەسپاند، بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە بابەتی دریفۆس ساڵی سفری ئامادەبوونی ڕۆشنبیرانە لە کایەی گشتیی کۆمەڵگای مۆدیرندا. چیخۆفی شانۆنامەنووسی بەناوبانگی ڕووسی سەبارەت بە دادگاییەکەی زۆلا دەنووسێت: «هەموو ڕۆشنبیرانی ئەورووپا لایەنگری لە زۆلا دەکەن». لێرەدا چیخۆف بۆ باسکردنی ڕۆشنبیران سود لە وشەی ڕووسی «ئینتلیژیستا» دەبینێت. بەپێی بۆچوونی ئایزایا بەرلین ئەم وشە ڕووسییە بۆ یەکەمجار لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی بوربوریکین لە سالی **1860**دا بە کارهات و ئاماژە بۆ ئەو کەسانە دەکات کە دەکەونە دەرەوەی چوارچێوە ترادسیۆنییەکانی کۆمەڵگای ڕووسیا، وەکو کەسانی ئاینی و ئەرستۆکرات و جووتیارەکان، و بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری سەردەمەکەی خۆیانیان کردووە. هەروەها ڕۆشنبیرانی ڕووسیا دابەش دەبوون سەر دوو تاقمی ئیسلاڤۆفیل و غەربگەراکان کە هەریەکەیان بە جۆریک لە ژیر کاریگەریی بیروبۆچوونی نەتەوەگەرایی یان تیۆرییە شۆڕشگێڕەکاندا بوون و هەندێکیان لە قۆناغەکانی دواتر دا هاوشێوەی ماکسیم گۆرکی پەیوەندییانکرد بە بەلشەڤیکەکانەوە و یان وەکو بیردیاف دوور خرانەوە. لە دەیەکانی کۆتایی سیستەمی کومۆنیستیدا لە یەکێتیی سۆڤیەت، وشەی «ئینتلیژیستا» زیاتر بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهات کە سەرقاڵی کاری زەینی و کەلتوری یان سەرقاڵی چالاکیی زانستی بوون.

تەڤینەوەی حەقیقەت بەرامبەر بە دەسەڵات و مەسەلەکەی دریفۆس شوناسێکی پێکەوەیی نوێی لەنێوان ڕۆشنبیرانی ئەوروپادا درووستکرد. زۆلا لە داکۆکیکردنەکەی خۆیدا ئاماژە بۆ دوو چەمکی "هەقیقەت" و "دادپەروەری" دەکات

که ئەمە بە خاڵێکی دەستپێک بۆ بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی خۆرئاوا و پێگە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکەی هەژماردەکرێت. زۆلا لە وتارە بەناوبانگەکەی خۆیدا «من تاوانباری دەکەم» کە لە ڕۆژی 13ی کانونی دووەمی 1989دا لە ڕۆژنامەی ئارور چاپکرا، دەنووسێت: «ئەگەر حەقیقەت لە ژێر زەویدا بشارنەوە، کەڵەکەدەبێت و بە هێزێکی وەها دەتەقێتەوە و ئاشکرادەبێت کە هەموو شتێک لەگەڵ خۆیدا لەناودەبات». زۆلا لێرەدا باس لە تەقینەوەی حەقیقەت و دادپەروەری دەکات کە بەرانبەر دەسەڵات دەبێتەوە. خەباتی ڕۆشنبیرێکی وەکو زۆلا بۆ گەڕان بە دوای حەقیقەت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی سیمایەکی ئەفسانەیی بەخشییە ڕۆشنبیر، واتە کەسێک کە هەمیشە لە پێگەی بەرژەوەندییەکانی بێتاوان و ستەملێکراوەکان دژ بە دەسەڵات قسەدەکات. بەم کارەی زۆلا و «مانیفێستی ڕۆشنبیران»، گوتاری ڕۆشنبیری لە چوارچێوەی ئەدەبی و پەروەردەیی و زانستی دووردەکەوێتەوەو، و لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەدا دەگۆڕدرێت بۆ «گوتاری حەقیقەت»، لەمە بە داوەوە ئەو حەقیقەتەی کە ڕۆشنبیر باسی لێوەدەکات و لە پێناویدا خەباتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەکاردەهێنا، دەبێتە حەقیقەتێکی گشتگیر و گەردوونی. بەم شێوەیە، سەربەخۆیی و دەسەڵاتی مەعنەویی ڕۆشنبیران لە ڕووبەڕووبەڕوونەوەی حەقیقەت و دەسەڵاتدا دەرکەوت.

هەر بۆیە بەرپرسیارێتیی ڕۆشنبیران بوو بە بەشێکی جیانەکراوە لە ئایدیای گەردوونیبوون. لەم سەردەمە بە دواوە، دەسەڵاتی تایبەتی ڕۆشنبیری، بریتی بووە لە قسەکردن سەبارەت بە ئەخلاق و حەقیقەت بەرامبەر بە دەسەڵات. بەڵام وێنەی قارەمانانە و ئەخلاقیی ڕۆشنبیر -هاوڵاتی کە لە وتارەکەی زۆلا بە ناونیشانی «من تاوەنباری دەکەم»، گۆڕابوو بۆ داکۆکیکردن لە حەقیقەت و دادپەروەری، بەرەبەرە بە هاتنەسەرکاری ئایدۆلۆژیا تۆتالیتارەکانی سەدەی بیستەم کاڵبووەوە و جۆرێک لە «ڕۆشنبیری دژە ڕۆشنبیر»(وەکو ئەدۆرنۆ دەڵێت) یان «خیانەتی ڕۆشنبیر» (وەك ژولین بێندا دەڵێت) درووستبوو. بێندا، لەباتیی وشەی ئینتلیکتوال سودی لە چەمکی «کلیرک» بینی کە بە واتای کەسێکە کە لە هەوڵی گەڕان بە دوای ئامانجێکی کردەییدا نییە بەڵکو بە دوای دەستکەوتی زانستی و ئەفراندنی هونەرییەوەیە. لەم لایەنەوە، بێندا بڕوای وایە کە ڕۆشنبیر دەبێت لە گەڕان بە دوای عەقڵ و حەقیقەتدا بێت و لە کۆمەڵێک بەهای وەکو ئیمان و عەشق و ئازایەتی و ئامانجە ئایدۆلۆژییەکان خۆی بپارێزیت. وەکو بێندا دەیڵێت تەنیا بەم شێوەیەیە کە ڕۆشنبیران دەتوانن ببنە ویژدانی مرۆڤایەتی و بە جێگیربوونیان لە سەرووی بەها جیهانییەکان ڕەخنە لە سەرکوتکردن و دسەڵات بگرن. ژولین بێندا ڕۆشنبیر بە هەڵگری بەها گەردوونییەکان و بان-نەتەوەیی و بانمێژوویی و

بانکەلتورییەکان دادەنێت و هەلی ڕەخنە لە دەسەڵات لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم بەهایانەدا دەستنیشاندەکات.

ئەو ڕەخنەیەی بێندا لە ڕۆشنبیرە ئایدۆلۆژییەکانی سەردەمی خۆی هاوشێوە بوو لەو ڕەخنانەی ئەفلاتوون لە سۆفستاییەکان، و ئەو وتەزای «ڕۆشنبیری میتافیزیکی» بەرامبەر بە وتەزای «ڕۆشنبیر - هاوڵاتی»ـی سوقراتی/زۆلایی دادەنا. بێندا بڕوای وابوو ڕۆشنبیران بە ئامادەبوونێکی فراوانیان لە کایە و فەزای گشتییدا، خیانەت لە پەیامەکەی خۆیان دەکەن کە داکۆکیکردنە لە بەها میتافیزیکی و مەعنەوییەکان. ئەوەش بڵێین کە ئەو بەها میتافیزیکییانەی کە بێندا لە کتێبی «خیانەتی ڕۆشنبیران» بەرامبەر بە واقیعی سیاسیی سەردەمەکەی خۆی دایدەنێت، وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانەیە بۆ بابەتە سیاسی و ئابورییەکانی ساڵانی کۆتایی 1920 لە ئەورووپا و داڕمانی بەها ترادسیۆنییەکانی بۆرژوازی.

ئەم ململانێیانە ڕێک ململانێیەک بوو لەنێوان واقیعی سیاسیی هەردوو جەنگی نێودەوڵەتی و بەها فەلسەفی و میتافیزیکییەکاندا، کە بووە هۆکاری بەهێزبوونی ڕۆشنبیرانی چەپ لە ئەورۆپا. لەم نێوەدا «ئەنتۆنیۆ گرامشی» بە داهێنانی چەمکی «ڕۆشنبیری ئۆرگانی» و ڕەتکردنەوەی تیۆرە زۆلاییەکەی «ڕۆشنبیری سەربەخۆ»، باسێکی نوێی سەبارەت بە پەیوەندیی ڕۆشنبیران و دەسەڵات دەستپێکرد. بە بۆچوونی گرامشی لەنێوان "ڕۆشنبیرانی ترادسیۆنی" (واتە مامۆستایان و قەشەکان و کارمەند و بیرۆکراتەکان) کە یارمەتیی پتەوکردنی کۆڵەکەکانی کەلتوری هەژمونیکیان دەدا، و "ڕۆشنبیرانی ئۆرگانی" کە بەشێک بوون لە کۆمەڵگای مەدەنی، جیاوازییەکی زۆر بنەڕەتی بوونی هەیە. بە بۆچوونی گرامشی، ڕۆشنبیرە "ئۆرگانییەکان" توانای ڕۆڵی دژەهەژمونیکیان تێدا بوو و دەیانتوانی بەشداریی شەڕێکی ئایدۆلۆژی بکەن بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی. هەر بۆیە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە گرامشی بەپێچەوانەی "بێندا"وە بڕوای بە بەشدارییەکی چالاکانەی ڕۆشنبیران هەبوو لە ژیانیکی کردەیی و کاتەی گشتییدا. ئەو، ئەم بەشداربوونە کارا و چالاکانە لە وشیارییەکی ڕەخنەگرانەی ڕۆشنبیراندا دەبینێتەوە.

بەهەمان شێوە کە دەیبینین، «ڕۆشنبیری ئۆرگانی»ـی گرامشی هاوکات خەباتدەکات دژ بە دەسەڵاتی هەژمونی و لە هەمانکاتدا بەرهەمهێنەری دەسەڵاتی «شۆڕشگێڕانە»شە. واتە ڕۆشنبیرێکە کە خاوەنی پێگەیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتییە و خەباتدەکات دژ بە گوتاری چوارچێوەی دەسەڵات. میشێل فۆکۆ نیو سەدە پاش گرامشی بە ئاماژەکردن بۆ چەمکی «ڕۆشنبیری تایبەت» ئایدیای "ڕۆشنبیری ئۆرگانی"ـی سەرلەنوێ زیندووکردەوە. فۆکۆ بڕوای وایە ڕۆشنبیر بە واتایەکی تایبەتی وشە کەسێکە کە خۆی وەکو سوبێکتێکی ئازاد و ویژدانی جیهانی دەناسێنێت، چونکە

داکۆکیکەری حەقیقەتێکی هەمەکییە بەرامبەر بە دەسەڵات. بەڵام ئێستا هیچ شتێک بە ناوی حەقیقەتی هەمەکییەوە بوونی نییە و ڕۆشنبیر زیاتر لە کارەکتەری پسپۆڕێکدا کردار دەنوێنێت. بە واتایەکی تر، ڕۆشنبیری تایبەت لە چوارچێوەی زانستێکی تایبەتدا سەرقاڵی پرسی حەقیقەت و پەیوەندییەتی لەگەڵ دەسەڵاتدا. لە تێڕوانینی بیرمەندێکی وەکو فۆکۆ، ڕۆشنبیری پۆستمۆدێرن بەپێچەوانەی ڕۆشنبیری زۆلایی/سارتەرییەوە چیتر خاوەنی گوتارێکی هەمەکی و جیهانی نییە تاوەکو بەناوی بێتاوانەکان یان زوڵم لێکراوەکانەوە قسەبکات، بەڵکو ئامانجی ئەو ڕزگارکردنی حەقیقەتە لە هەژموونی زانستە پۆزەتیڤەکان و ئەو هەموو تەفسیرە زۆرانەی کە بۆی دەکرێت. زۆرێک بڕوایان وایە کە ڕووداوەکانی مانگی مایسی 1968 لە فەڕەنسا دەستپێکی ڕۆشنبیری پۆستمۆدێرن و کۆتایهاتنی ڕۆشنبیرە لە فۆرمە زۆلایی/سارتەرییەکەدا. میشێل فۆکۆ بڕوای وابوو کە لە مایسی 68دا ڕۆشنبیر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە چین و توێژەکان بۆ دەستکەوتنی هۆشیاری، هیچ پێویستییەکیان بەو نییە.

پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە سارتەر پاش ڤۆڵتێر لە سەدەی هەژدەیەم و زۆلا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، دوایین نوێنەری ڕۆشنبیری گەردوونی و جیهانگیر بوون کە خۆیان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی خەڵکی بەرامبەر بە دەسەڵات بە بەرپرسیار دەزانی. بە بۆچوونی سارتەر، ڕۆشنبیر «ویژدانێکی کەم شانس»ـە کە «دەستوەردەداتە کۆمەڵێک بابەتەوە کە پەیوەندیی بەوەوە نییە». هەر بۆیە ڕۆشنبیر بە ئاگاداربوون لە بارودۆخەکەی خۆی هەوڵدەدات هۆشیارییەکی هەمەکی بۆ هەموان بەدەستبهێنێت.

زۆرێک لە ڕەخنەگرانی سارتەر پێیانوایە کە ئەو کەوتبووە داوی داتاشینی ئەفسانە بۆ ڕۆشنبیر، و هێزێکی عەقڵانی زۆر نایاب بۆ ڕۆشنبیر دادەنێت. دوو کەس لە ڕەخنەگرانی ئەم تێڕوانینەی سارتەر بۆ ڕۆشنبیر، ڕیمۆن ئارون و ئەلبێر کامۆن کە هەریەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆی پەیوەندیی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیی تایبەتدا تاوتوێدەکات. کامۆ لە کاتی باسکردنی سارتەر و لایەنگرانی، لە ڕۆشنبیر وەکو هۆکارێکی ئەخلاقی و هێزیک بۆ بەدیهاتنی دادپەروەری لە چوارچیوەی فەزای گشتییدا قسەدەکات و بڕوای وایە ڕۆشنبیر بە پێچەوانەی ڕەوتی باوەوە و دژ بە ڕۆحیەتی دەمارگیری خەباتدەکات. کامۆ بڕوای وایە ئامانجی کاری ڕۆشنبیری، داکۆکیکردن نیە لە توندوتیژییەک دژ بە توندوتیژییەکی تر بەڵکو هەبوونی ئامادەییەکی ئەخلاقییە لە سەروو هەموو شتە ڕەها سیاسییەکانەوە. هەڵوێستی بانحیکایەتی کامۆ و داکۆکیکردنی لە چەمکی دادپەروەری وەکو دیاردەیەکی گەردوونی، بووە هۆکاری ئەوەی سارتەر و لایەنگرانی ئەو بەوە تاوانبار بکەن کە ڕۆحیەتێکی ئایدیالیستی و

دژەمێژوویی هەیە. وەڵامە ڕۆشنبیرانەکەی کامۆ بۆ ئەم تۆمەتانە ئەوە بوو کە «مەسەلە سەرەکییەکە داکۆکیکردن نیە لە مرۆڤ بەڵکو داکۆکیکردنە لەو ئیمکانات و قابیلییەتانەی کە لەودا هەیە».

مەبەستی کامۆ ئەوە بوو کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی گشتی و بەتایبەت ڕۆشنبیران کاتێک دەکەونە نێو پێگە و هەڵوێستێکی ئەخلاقییەوە، نەک ئایدۆلۆژی، قابیلییەتی ناسینەوەو پەنجەخستنەسەر نادادپەروەری و ئازار و مەینەتیی کەسانی تریان هەیە و دەتوانن وەڵامیان بدەنەوە، هەڵویستە ڕۆشنبیرییەکانی کامۆ لە بارودۆخە مێژووییە جیاوازەکاندا هەر وەکو سەردەمی ئازادبوون لە نازیزم و جەنگی جەزایر بە باشی ئەوەی دەرخست کە ئەو لە هەر هەلومەرجێکدا دژ بەو توندوتیژییەیە کە دەسەڵاتە جیاوازەکان درووستیاندەکرد. کامۆ بە ڕەتکردنەوەی شێوازی بەشەیتانیکردنی ئەویتر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە واقیع زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە بە چەند حوکم و دادوەرییەکی خێرا بازیان بەسەردا بدەین.

هەربۆیە لە تێڕوانینی کامۆوە ڕۆشنبیربوون و کاری ڕۆشنبیری، بە واتای داکۆکیکردنە لە ئازادیی بیروڕا بەڵام لە هەمانکاتدا دەستنیشانکردنی سنوورەکانیشیەتی. یەکێکی تر لە ڕەخنەگرانی «ڕۆشنبیری سارتەری» ڕیمۆن ئارۆن بوو کە لە سالی 1955دا بە چاپی کتێبە بەناوبانگەکەی، واتە «تلیاکی ڕۆشنبیران» ڕەخنەی لە تێڕوانینی ئایدۆلۆژییانە و توندڕەوانەی ڕۆشنبیری چەپ و شۆڕشگێرانەی سۆڤیەت گرت. ئارۆن ڕۆشنبیرانی چەپ بە موعتادبوون بە ستەمکاریی «ئاینی سێکولار» تۆمەتباردەکات و بڕوای وایە ئەوان لەکاتێکدا ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی دەگرن لە کۆمەڵگا لیبراڵ و دیموکراتەکاندا، لە هەمانکاتدا چاوی خۆیان لە سەر خراپترین تاوانەکانی ڕژێمی کۆمۆنیستی دادەخەن...

ڕامین جەهانبەگلو

وەرگێڕانی: فازڵ مەحمود